# خودا قسەی کرد!

سڵاوی خودات لێ بێت. خودای پەروەردگاری ئاشتی، ئەوەی دەیەوێ هەموو کەس تێ بگات و مل کەچی ڕێگای ڕاستودروستی بێت کە دایمەزراندووە، و ببنە خاونی ئاشتی ڕاستەقینە تاهەتا.

ناوی وەرزی خوێندنمان ناوە *ڕێگای ڕاستودروستی* لەبەر ئەوەی دەمانەوێ لە ڕێگەی ئەم کۆرسەکە لە نووسینەکانی پێغەمبەران ووردبینەوە کە بۆمان ڕوون دەکاتەوە چۆن خەڵکانی ناڕاستودروست دەتوانن ببن بە ڕاستودروست بەرامبەر بە خودا. تۆ بەدوای کام ڕێگا کەوتووی؟ ڕێگای ڕاست و دروستی یاخود ناڕاست و دروستی؟ دەتەوێ ڕێگای ڕاستودروستی بزانی کەلە لایان خوداوە هاتووە؟ ووشەی خودا دەفەرموێ: (خۆزگە دەخوازرێ بە برسی و تینووەکان بۆ ڕاستودروستی، چونکە تێر دەکرێن.) (مەتا ٥: ٦)

ڕەنگە کەسانێك هەبن بڵێن: (ئێمە ڕێگای ڕاستودروستی دەزانین، و پێویستیمان بە نووسراوەکانی پێغەمبەرانی سەرەتا نییە. ئەوەی دەیزانین بەسسە بۆمان!) ئەگەر ئەمە هەڵوێستی تۆیە، گوێ بگرە پێغەمبەری خودا سلێمان، چی نووسیوە، کە دەڵێ: (ئەوەی ڕێگای ڕاستی خۆی بگرێت ترسی خوداوەندی لە دڵدایە، ئەوەی ڕێگای خۆی خوار بکاتەوە سووکایەتی پێ دەکات.) (پەندەکان ١٤: ١٢)

لە پەرتوکی خودا، ئەو پەرتوکەی ناوی نراوە زەبوورەکان، پێغەمبەری خودا داود، باوکی سلێمان، زۆر باسی لە پێویستیمان بەناسینی ڕێگای ڕاستودروستی کردووە کە خودا دایمەزراندوە. نووسیویەتی: کەس بێ‌تاوان نییە، تەنانەت یەکێکیش. هەموو ڕوویان وەرگێڕا و پێکڕا بێ سوود بوون. کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە. (زەبوورەکان ١٤: ١، ٣ و ڕۆما ٣: ١٠، ١٢)

لەبەر ئەوە داود ئەم نوێژەی نووسیوە لە زەبوورەکان، کەدەڵێ: ئەی یازدان ڕێگاکانی خۆتم پێ بتاسێنە، ڕێڕەوەکانی خۆتم فێر بکە. لە ڕاستی خۆت ڕێنماییم بکە و فێرم بکە، چونکە تۆ خودای ڕزگارکەری منیت، شەو و ڕۆژ ئومێدم هەر بە تۆیە. (زەبوورەکان ٢٥: ٤، ٥)

ئەگەر پەروەردگار خودا دەستمان نەگرێت لە ڕێگای ڕاستی، هەرگیز نەماندەتوانی ڕێگای ڕاستودروستی بزانین. وەك مندالێکی وون بوومان لێ دێت لە شارێکی قەرەباڵغ، یان وەك بەرخێك لەناو چیادا وون بێت. بەڵام ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە: خوداوەند... نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن... ئەوەی دەیەوێت هەموو خەڵکی ڕزگاریان بێت و بۆ ڕاستی ناسین بێن. (٢ پەترۆس ٣: ٩، و ١ تیمۆساوس ٢: ٤) هیچ شتێك گرنگتر نییە لە دڵنیابوون کە لەسەر ڕێگای ڕاستیت کە بەرەو خودات دەبات.

لە وانەکانی *ڕێگای ڕاست و دروستی*دا پێکەوە فێرکاری لە نووسراوە پیرۆزەکان دەکەین بەگوێرەی کاتی ڕوودانیان، بەدوادا چوونی یەك لەدوای یەکی چیرۆکی پێغەمبەرانی خودا دەکەین، لە سەرەتاوە تا کۆتایی. ووشەی خودا سەرەتا و کۆتایی هەیە بۆیە نیازمان وایە کە ووردبینەوە لە چیرۆکەکانی ناو نووسراوە پیرۆزەکان، لەسەرتاوە کە خودا خۆی دەس پێ دەکات، واتا لە سەرەتاوە بە تەواوی.

زۆر شتی گرنگ دەربارەی خودا و پێغەمبەران فێردەبین. وا دەبینین کە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی پێغەمبەران نووسراوە پیرۆزەکانیان نووسیوەتەوە، بەڵام تەنها یەك نووسەر هانی پێغەمبەرانی داوە: ئەوەش خودایە. نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران چیرۆکی زۆری تێدایە، بەڵام تەنها یەك پەیامی سەرەکی: ئەوەش مزگێنی ئەوەیە کە چۆن خەڵکان دەتوانن ڕاستودروست بن بەرامبەر بە خودا.

بۆیە داواتان لێ دەکەین کە زۆر بەووردی و بەچاکی خوێندنەوە، وانەکانی *ڕێگای ڕاست و دروستی*، پەندی پێشینان دەڵێ: (پیاو نەمرێت بە هەموو ئاواتێك دەگات) یان (ئاو بەنەرمی خۆی شاخ کون دەکات) بە شێوەیێکی نزیك لەوە خودا لە ووشەیدا دەفەرموێ کە: پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە داوای دەکەن. (عیبرانییەکان ١١: ٦) وا ئەوانەی بەڕاستی لە خودا دەگەڕێن، ئەم بەڵێنەیان پێ دەدا: (بەدوامدا دەگەڕێن و دەمدۆزنەوە، کاتێک بە هەموو دڵتانەوە بەدوامدا دەگەڕێن) (یرمیا ٢٩: ١٣)

لێرەدا، بەهۆی وەرزی خوێندنمان *ڕێگای ڕاست و دروستی*، زانیارییەکانمان دەربارەی خودا و ووشەی خودا گەشە پێ دەدەین. دەزانی شێوەی خودا چۆنە؟ یاخود شەیتان لە کوێوە هاتووە؟ دەزانی خودا بۆچی مرۆڤی درووست کردووە؟ یان چۆن گوناه هاتە ناو ئەو جیهانە جوانەی کە خودا دروستی کردووە؟ ئایا هەرگیز چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکەی پێغەمبەری خودا نوح و لافاوەکەت خوێندۆتەوە؟ ئایا بەڕاستی دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە؟ دەزانی بۆچی ئیبراهیم ناوی لێ نرا، *دۆستی خودا*؟ ئایا دەتوانی بەڕوونی پەیامی پێغەمبەران بۆ منداڵەکانت یان برادەرانیشت بکەیتەوە؟

هەزاران ساڵ لەمەوپێش، پێغەمبەر ئەیوب پرسیارەی کرد: **(چۆن مرۆڤ لەلای خودا ڕاستودروست دەبێت؟)** (ئەیوب ٩: ٢) دەزانی وەڵامی خودا چی بوو بۆ پرسیارەکەی ئەیوب؟ دەزانی چۆن ڕاستودروست دەبێت بەرامبەر خودا؟ ئەگەر دەتەوێ وەڵامی خودا بۆ ئەم پرسیار و چەندەها پرسیاری تر بزانی، بانگەوازی وەرزی خوێندن *ڕێگای ڕاست و دروستی* خوێندنەوە. بەڕاستی ووشەی خودا قووڵ و سەرسوڕهێنەر و ژیاوە و زۆر بەهێزە. وا شتێکی تریش: ووشەی خودا هیچ ناشارێتەوە. وا ڕاستی مرۆڤمان بۆ دەردەخات. بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ، **بەدیهێنراو نییە لەبەرچاوی خودا شاردراوە بێت، بەڵکو هەموو شتێک ڕووت و ئاشکرایە بۆ چاوی ئەوەی هەژماردی دەدەینێ.** (عیبرانییەکان٤: ١٣)

ڕاستییەکی گرنگ هەیە دەبێت بیزانین، ئەوەش ئەوەیە کە خودا قسەی کرد! خودای باڵادەست قسەی کرد. خودا قسەی کرد بۆ مرۆڤایەتی، و دەیەوێ قسە لەگەڵ تۆ بکات! ئایا ئەگەر نامەیێکت لە پاشایێکی بەهێز لە خاکێکی دوورەوە بۆ بێت دەیخوێنیتەوە؟ ئایا ناوەڕۆکی نامەکە بەهەند وەردەگری؟ بەووردی سەرنجی ووشەکانی پاشا دەدیت؟ ئایا دەبێت ئێمە چەندی تر سەرنجی خودای باڵادەست بدەین کاتێ قسەمان لەگەڵ دەکات!

خودا چۆن لەگەڵ مرۆڤ قسەی کرد؟ نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێن: **لەمێژە خودا زۆر جار و بە ڕێگای جۆراوجۆر بەهۆی پێغەمبەران لەگەڵ باوباپیراندا دوابوو.** (عیبرانییەکان ١: ١) بەڵێ، یەك لەو شێوە سەرەکییانەی کە خودا لەگەڵ مرۆڤ قسەی کردبێ لە ڕێگای پیغەمبەرانەوە بووە، لە ڕابردوودا خودا کەسانێکی تایبەتی هەڵبژاردووە بۆ بانگەواز کردن و نووسینی ووشەکەی، ووشەی خودا دفەرموێت: **لە سەرووی هەمووان ئەمە بزانن، کە هیچ پێشبینییەک لە نووسراوەکەدا بە لێکدانەوەی تایبەت نابێت، چونکە هەرگیز پێشبینی بە خواستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو مرۆڤن لە خوداوە دوواون کە بە ڕۆحی پیرۆز هەڵگیراون.** (٢ پەترۆس ١: ٢٠، ٢١)

خودا دەیتوانی خۆی یان وا بکات فریشتەکانی نووسراوە پیرۆزەکان بنووسن، بەڵام خودا وای نەکرد. خودا کەسانی ئاسایی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بینووسن بۆی. ئێمە بە (پێغەمبەرەکان) ناویان دەبەین. پێغەمبەرانی خودا بە شێوەیێك لە شێوەکان بە سکرتێر دەچوون. خودا ئەو بیرانەی لەناو مێشکیان دانا کە پێویستە بینووسن، و ئەوانیش بۆ خودایان نووسی. بەهەرحاڵ، خودا ڕێگای دا بە پێغەمبەران هەرکەس بە شێوازی خۆی نووسراوە پیرۆزەکان بنووسن. خودا کارتێکردنی لە هەموو ووشەیێك کرد بەڵام کاراکتەری هەر یەك لەو پیغەمبەرانەی پشت گوێ نەخست. پەرتوکی خودا نەك تەنها ووشەکانی ڕاستەوخۆی خودای تێدایە، بەڵکو بیر و پاڕانەوە و کێشەی خەڵکانی تێدایە. ولە ڕێگەی چیرۆکەکانی مامەڵەکردنی خودا لەگەڵ خەڵك کە دیخوێنینەوە لە پەرتوکی خودا، خودا دەیەوێ شێوەی خۆیمان پێ نیشان دات و چۆن لێی نزیك ببینەوە.

باشە، بۆچی خودا هانی پێغەمبەرانی دا کە نووسراوە پیرۆزەکان بنووسن؟ خودا هانی پێغەمبەرانی دا بۆ ئەوەی هەموو نەوەیێکی مرۆڤ بتوانن ئەو شتانە بزانن کە خۆی دەیەوێ بیزانن. خودا لەگەڵ پێغەمبەران قسەی کردووە لەبەر ئەوەی دەیەوێ قسە لەگەڵ تۆدا بکات لە ڕێگای ئەو ووشانەی کە پێغەمبەران نووسیویانە! هەموو ئەو شتانەی کە خودا لە ڕێگای پێغەمبەران ووتویەتی سوود بەخشە بۆ ئێمە کە لە ژیانداین. خودا چاوەڕوانی هەر یەك لە ئێمە دەکات پەیامی پێغەمبەران بزانین.

ڕەنگە کەسانێك بڵێن: (چ پێویستییێکم هەیە بەوەی کە پێغەمبەرانی سەرەتا نووسیویانە. ووشەکانیان گرنگ نییە لای من. هەریەك لەو پێغەمبەرانە ئەرکێکی خۆی هەبوو کە بەجێی بهێنێ، یەك هاتوو ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند و ڕۆیشت. یەکی تر هاتوو بەهەمان شێوە... هتد، ئێمەی زیندوو پێویستمان بەوە نییە کە بزانین یەکەم پێغەمبەر چی وتووە). ئایا تۆش بەم شێوەیە بیر دەکەیتەوە؟ بیرکردنەوەی خودا بەم شێوەیە نییە! بخوێنەوە پەروەردگار خودا چی دەفەرموێ: (ڕاستیتان پێ دەڵێم: تا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، پیتێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێت، تاکو هەمووی دێتە دی. بۆیە ئەوەی بچووکترینی ئەم ڕاسپاردانە بشکێنێت و خەڵکیش ئاوا فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە بچووکترین ناودەبردرێت. بەڵام ئەوەی پەیڕەوی بکات و خەڵکی فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە پایە بەرز ناودەبردرێت.) (مەتا ٥: ١٨، ١٩) هەموو نووسراوەکان لە سروشی خودایە، سوودبەخشە بۆ فێرکردن و سەرزەنشت و ڕاستەڕێکردن و لێڕاهێنان لە ڕاستودروستی. (٢ تیمۆساوس ٣: ١٦)

بەڕاستی، هەرچی پێغەمبەران نووسیویانە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەوان نووسیویانە بۆ ئەوەی کە هەموو خەڵك لە هەموو کاتێك ڕێگای ڕزگاربوون بناسن کە خودا درووستی کردووە. دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە؟ خودا دەیەوێ ووشەکەی بزانین، بڕوای پێ بکەین و بەگوێی بکەین! نووسراوە پیرۆزەکە دەفەرموێ: هەروەها وشەی پێغەمبەرانمان هەیە و چەسپاوترە، چاک دەکەن ئەگەر ئاگاداری بن، وەک بۆ چرایەکی گەشاوە لە شوێنێکی تاریک، تاکو ڕۆژ هەڵدێت و ئەستێرەی بەیان لە دڵتاندا هەڵدێت. (٢ پەترۆس ١: ١٩)

بەڵێ، هەندێ جار گوێمان لەو کەسانە دەبێ کە دژی پەرتوکی خودا ڕادەوەستن و دەڵێن: (کەس ناتوانی متمانەی پێ بکات! پڕە لە هەڵە.. دەسکاری کراوە!) بەهەرحاڵ، ئەوەی دژ بە ووشەی ڕاستی ڕاوەستێ، ئەوا دژ بە خودا ڕاوەستاوە. (بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیریت) ووشەی خودا وەك ڕۆژ وایە، و مرۆڤیش وەك بێژنگ وایە. مرۆڤ هەرگیز ناتوانی ووشەی ڕاستەقینەی خودا بگۆڕێ، بەڵام ووشەی ڕاستەقینەی خودا دەتوانێ مرۆڤ بگۆڕێ! خودا مەزنە. خاوەنی توانایە ووشەی ئەزەلی خۆی بپارێزێ. ئەمە دەقی ووشەی خوودی پەروەردگارە کە لەو پەرتوکە فەرمویەتی کە بە ئینجیل ناسراوە: (ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن.) (مەتا ٢٤: ٣٥)

زۆر کەس هەوڵ دەدەن دژ بەووشەی خودا ڕادەوەستن لەبەر ئەوەی باری ڕاستەقینەی ناو دڵیان ئاشکرا دەکات. بخوێنەوە خودا دەربارەی ووشەی خۆی چی دەڵێ: چونکە وشەی خودا زیندووە، کاریگەرە، لە هەموو شمشێرێکی دوودەم تیژترە، نێوانی دەروون و ڕۆح و جومگە و مۆخی ئێسک دەبڕێت، نیاز و بیری دڵ جیا دەکاتەوە. (عیبرانییەکان ٤: ١٢)

بەڵێ، ووشەی خودا زیندوو و کاریگەرە، روو لە دڵ دەکات. نووسراوە پیرۆزەکان کۆنترین کۆمەڵە نووسراوێکن لە جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتان بۆ هەموو کەس دەگونجێن. هیچ شتێك گرنگ تر نییە لە ووشەی خودا. ووشەی خودا وەك ژەمێکی خۆشە، هەموومان یەك ڕاین کە تامی خۆشە و بۆ لەش بەسوودە، بەڵام ئەگەر نەیخۆین ئەوا چ سوودێکی هەیە؟ دەبێت بیخوێن. هەر بە هەمان شێوە، دەبێت ووشەی خودا وەربگرین کە چارەسەرە و تێکەل لەش و دڵمانی بکەین ئەگەر بمانەوێ سوودی لێ وەربگرین، بۆیە خودا دەفەرموێت: (مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە دەمی خوداوە دەردەچێت.) (مەتا ٤: ٤) تەنها ئەوانەن کە بە برسی و تینووەکان بۆ ڕاستودروستی. (مەتا ٥: ٦) ئایا تۆ برسی ووشەی خودای؟ چونکە ئەو ووشانە خواردنن بۆت... خواردنێکی بەتام، بەڵام بۆ لەشت نا... بەڵکو بۆ دڵ و دەرونت.

ئەی ئەو کەسەی لە خودا دەترسی و ڕێزی ووشەی دەگری: هەوڵ بدە بە بەردەوامی خوێندنەوە هەر وانەی *ڕێگای ڕاست و دروستی* بیت. بەم شێوەیە زانیاریەکانت زیاد دەکەی سەبارەت بە ووشەی خودا کە زۆر لە مێژا لەسەر زاری پێغەمبەرکانی ووتویەتی، و فێر دەبی کە چۆن ببیت بە ڕاستودروست بەرامبەر خودای پارسا. خودا قسەی کرد و خودا دەیەوێ لەگەڵ تۆدا قسە بکات.

دەبێت شتێکی تر ڕوون بکەینەوە: لە وانەکانماندا پشت بە هیچ کەسێك یا سەرچاوەییەك نابەستین جگە لەوەی کە لە ناو نووسراوەکانی پێغەمبەرانی خودا دۆزراوەتەوە. ئێمەی ئامادەکاری ئەم وانەکانە هیچ شتێك نازانین دەربارەی ڕاستی خودا جگە لەوەی کە خودا خۆی لە نووسراوە پیرۆزەکان ئاماژەی پێ کردووە. بۆیە ئەوەی کە پێغەمبەر یەحیا کوڕی زەکەریا لە ئینجیل ڕایگەیاندووە ڕاستەقینەیە، کە دەڵێ: (کەس ناتوانێت شتێک وەربگرێت ئەگەر لە ئاسمانەوە پێی نەدرابێت!) (یۆحەنا ٣: ٢٧) جورئەت ناکەین پشت بە زانیاری خۆمان ببەستین، تەنها پشت بە ووشەی خودا دەبەستین. حەز دەکەین ئەو شتانەی خودا ڕایگەیاندووە لە ووشەی خۆیدا لە ڕێی پێغەمبەرانەوە پێتانی بناسێنین.

دەزانی خودا چی فەرمووە لە نووسراوەکانی پێغەمبەران؟ ئایا تۆش برسی و تۆێنی ووشەی خودا و بۆ ڕاستودروستی ڕاستەقینەی خودا؟ خودا خۆی ئاشکرا کردووە لە ووشە پارساکانی، هەروەها ڕێگای ڕاستودروستی بۆ ڕزگاربوون ئاشکرا کردووە. ئێمە لێرە بانگت دەکەین پێکەوە بگەڕێین بەدوای *ڕێگای ڕاستودروستی* لەناو نووسراوە پیرۆزەکان ، بۆ ئەوەی بەڕاستی لە قسەکانی خودا تێ بگەی. ووشەی خودا پێمان دەڵێت: هەرچی لەپێشا نووسراوە، بۆ فێربوونمان نووسراوە، تاکو بە دانبەخۆداگرتن و هاندانی نووسراوەکان هیوامان هەبێت. (ڕۆما ١٥: ٤)

ڕەنگە هەموومان ڕاستییێکی ڕاستەقینە بزانین: خودا قسەی کرد و دەیەوێ هەموو کەس گوێ بگرێ و بژییێت! گەورە و بچووك ، ژن و پیاو، دەوڵەمەند و هەژار. خودا بە هەریەك لە ئێوە دەڵێت: (گوێ بگرن! گوێتان شلکەن و وەرنە لام گوێ بگرن تا گیانتان بژییێت) (ئیشایا ٥٥: ٣)

## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. تۆ بەدوای کام ڕێگا کەوتووی، ڕێگای ڕاستودروستی یاخود ناڕاستودروستی؟

٢. دەتەوێ ڕێگای ڕاستودروستی بزانی کەلە لایان خوداوە هاتووە؟

٣. دەزانی خودا چی فەرمووە لە نووسراوەکانی پێغەمبەران؟

٤. ئایا بەڕاستی دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە؟

٥. ئایا دەتوانی بەڕوونی پەیامی پێغەمبەران بۆ منداڵەکانت یان برادەرانیشت بکەیتەوە؟

٦. بۆچی خودا هانی پێغمەبەرانی دا کە نووسراوە پیرۆزەکان بنووسن؟

٧. دەزانی چۆن ڕاستودروست دەبێت بەرامبەر خودا؟

٨. خودا چۆن لەگەڵ مرۆڤ قسەی کرد؟

٩. ئایا تۆش بە برسی و تینووەی بۆ ڕاستودروستی خودای؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org